Í-ïšÙÖ WJ¹œ wJ|-WÝ...-UÇ

(١-٢)

فەلەکەدین کاکەیی

(١)

خـەڵکی بەنگلادیش و وڵاتانی دیکەی سـەر ئۆقیـانوس و دەریا گەورەکان داهاتووی دژوارتریان لە پێـشـدایە. لەو وڵاتانەدا سـاڵانە رووبەرێکی ئەرزیان دەکـەوێتـە ژێر ئاو، چونکە لە ئەنجـامی گەرمبوونی کەشوهەوای سەر زەوی و توانەوەی چیا سەهۆڵبەندەکانی جەمسەری باکوور و باشوور، ئاستی ئۆقیـانووسەکان رۆژ بە رۆژ بەرز دەبێتەوە. هەندێ مـیللەت، کـە لەسـەر دوورگـەکـانا دەژێن خەریکن بۆ دوورگەی دیکە دەگوێزێنەوە. زانایانی ژینگەناسی پەیتـا پەیتـا هۆشـیـاری دەدەن کـە کەشوهەوای هەسارەی زەوی بەرەو ئاڵۆزی دەچێت. دوایین هۆشیاریان لە مەڕ کەمبوونەوەی بەروبووم و خۆراک و بەرهەمی سروشـتـە، کە بەراورد لەگەڵ زیادبوونی سەرژمێری خەڵک، مەترسی قەیرانی خواردەمەنی زیاتری دەبێت. دەڵێن کە زیادبوونی مـەسـرەفی بێـسـنووری خـەڵکی هەندێ وڵات(بەرامبەر برسێتی و هەژاریی سەدان ملیۆن خـەڵکی دیکە) بارودۆخـێکی مـەترسـیـداری خستووتەوە. ئەگەر رێژەی مەسرەفی خواردەمەنی و هی دیکە بەم شێـوەیە بەردەوام بێ، ئەوا لە ٣٠-٤٠ سـاڵی داهاتوودا نیشانەی مەترسییەکان وە دەردەکەون، چونکە ژمارەی خەڵک لە زیادبووندایە بەڵام قـەوارەی بەروبووم و داهات و بەرهەمـهێنان هەر لە ئاستێکی نزمدایە، بەڵکو نزمتر دەبێتەوە. ئاڵودەبوونی ژینگە و بەرزبوونی رێژەی گـازی دوائۆکسـیـدی کـاربۆن و گـازی مـیـتـان، مـەترسـیـیـەکـانی ئەوەندەی دیکە بەرەو باڵا دەبات.بەرامبـەر ئەو قـەیرانە لە ژینگە و ژیانی خەڵکدا دەیان سازمان و کۆنفرانسی نێودەوڵەتیان بەسـتـووەو، دەیان بڕیاری گـرنگیـان وەرگـرتووە، بەڵام، وەکـو شارەزایان دبێژن، رەوتی تێکچوون و ئاڵۆزبوونی کەشوهەوای هەسارەی زەوی خێـراتر و گورجترە لە کردەوەی ئەو سازمانانە.

(٢)

جـارێکی دیکە، ژیان راسـتی و دروسـتـیی فەلسەفەی زەردەشتی(بەر لە ٣-٤ هەزار ساڵ) وەدەردەخات کە لە جیهانبینی و رێنوماییەکانیدا گوتوویەتی: مرۆڤ دەبێ رێز لە گشت گیان لەبەران و بوونەوەرانی سـەر زەوی بگرێت و، خـۆی بە بەشـێک لەو بوونەوەرانە بزانێت، بەڵکو خـۆی بە بـەرپرسـی بـوون و ژیـان و پـاکـی تـەواوی زەوی بنـاسـێت. هەربۆیەش زەردەشت، لە یەزدانی پەروەردگـاری ویسـتـووە هەمـوو بوونەوەرەکـانی سـروشت بپـارێزێ... بە پەلەوەر و تەیر و توار جـانەوەر و مـرۆڤ و گـیـا و درەخت و ئاووهەواو رووناکی و...تاد!

لەچەنـدیـن بڕگـــەی پـاڕانەوە و نـوێژ و سـروودەکـانیـدا تێگەیشـتنی زەردەشت لەبارەی سـتـایشی جوانی و سـوود و پیـرۆزی سـروشت و پێکهاتەکانی دا دەبینین. ئا لەو تێگەیشتنەوەیەیە کە لە ئایینەکەیدا ئاو پیـرۆزە، ئاگـر و رووناکی و خۆر پیـرۆزە، گـیـا و درەخت و سـەوزایی پیـرۆزە، ژیان پیرۆزە... واتە: ئەو رێزی لەو رەگەزانە ناوە، بەڵام نەیپـەرسـتـوون، بەڵکو خـوداپەرست و یەکـتـاپەرست بووە، کـە ئەم پەروەردگـارە تاک و بێهاوتایە، لە فەرهەنگی ئەودا، خوا سەد و یەک ناوی هەیە، کـە بەشـێکی زۆری ناوەکـان لەگـەڵ زمـانی ئێـسـتـای کـوردی، لە شـێـوە زارە جیاجیاکانیدا، بە تایبەتی شێوەی گۆران ئاشنا و هاوڕیشـەن.بزاڤی بەربڵاوی ژینگەپارێزی، لەم سەدەیەدا، بەمانای پێویستی مرۆڤ و ژیانە، خۆ ئەگـەر پێـویسـتـیـیـەکی گـرنگی وەها لە ئارادا نەبووبا، ئەو بزاڤەش گەشەی نەدەسەند.

(٣)

ئادەمیزاد، کە بەرپرسە لە ژینگە و، هەر خۆی بەم دۆخەی گەیاندووە، تا ئێستا چەندین رێگا و چارەسـەری بۆ ژینگە داناوە... یەکـێک لەو چارەسەرییانە: وەرگەڕانە(لە گۆشـتـخۆریەوە بۆ گیاخۆری) ئەمڕۆ بزاڤێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی و کولتووری بەناوی (گیاخۆری) لە پەرەسەندندایە. لایەنگرانی گـیـاخـۆری زیانەکـانی گۆشـتـخـۆری پیـشـاندەدەن، چ لەسـەر سروشت و باری ئابووری کۆمـەڵایەتی،یا لەسـەر تەندروسـتی هەر کەسـێک بەتەنیا.دەریدەخەن کە گۆشـتـخـۆری هۆی چەندین نەخـۆشـیـیـە، لە کـاتێکدا گـیـاخـۆری مـرۆڤ لەو نەخۆشییانە دوور دەخاتەوە. لەسەرێکی دیکەوە، گۆشـتـخۆری پێویسـتی بە بەخێـوکردنی ئاژەڵ و مـەڕومـاڵات و پەلەوەرە، کـە بەشـێکی ژینگە تێکدەچێ لەبەر لەوەڕگا، پاشـمـاوەی ئاژەڵەکـان گازی مـیـتـان دەردێنێ، کە لەگازی دوئوکسـیدی کـاربۆن مـەترسـیـدارترە. هەربۆیەش شـارەزایانی ژینگە دەڵێن کـە رەوشی گـیـاخـۆری ژینگەش لە چەندین زەرەر و زیان رزگـار دەکـات. ئەگـەر بۆ مـێـژوو بگەڕێینەوە دەبێ بڵـێـین کـە مـرۆڤ، لەسەرەتادا، بەشێکی ژیانی بە گیاخۆری بردبێتە سەر، دواجار فێری گۆشتخۆری بووە.

زنایانی چینی دەڵێن ئەگەر مرۆڤ تەنیا گیاخۆر ببـا رەنگە خـووی درندەیی نەگـرتبـا و تووشی جەنگ و خوێنڕێژی نەبا.

ئێسـتـاش زانایانی گـیـاخۆری دەڵێن کە، لەبەر چەندین هۆ، گـیـاخۆری رێگەیەکە بۆ ژینگەپارێزی و کەمکردنەوەی شەڕوشۆڕ، جگە بۆ چاکبوونەوەی تەندروسـتی گـشـتی. لە مـێـژووشـدا گـیـاخـۆری هەمـیـشـە رەوشی هەندێ کـەس و توێژ بووە، چ لەبەر رێبـاز و رێوڕەسـمی هەندێ ئایین، یا لەبەر تەندروسـتی. لەسـەدەی بیسـتـەمـدا ورده ورده کۆمەڵە و دەستەی گیاخۆری لە دنیادا زیاد بووەو، بزاڤی گیاخۆری بووە بە هەڵمەتێکی گەورە، چ بە گۆڤار و رۆژنامە یا بە کەناڵی ئاسمانی و شێوەی دیکە پڕوپاگـــەندەی بۆ دەکـــەن و، لە چێشـتـخانەکاندا خواردەمەنی تایبەتی گیاخۆران ئامـادە دەکـەن و... چێـشـتـخـانەی تایبـەت بە گـیـاخـۆران هەنە. بەبڕوای من، باشـتـر و سوودمەندترە ئەگەر مرۆڤ بتوانێ رەوشی خواردنی خۆی بگۆڕێت، رێژەی گۆشتخۆران کەم بکاتەوە یا بە ئێجگاری روو لە گیاخۆری بکات.

أسماء الألوان / دوا سەرنج / الصفحة: ٨٠ / ٠٩/١/١١ / 11:50 PM